بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان پێکەکە و تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەنگاوی وتوێژەکان دەستپێکرد



ڕۆژنامەی "ئەل-مۆنیتەر"ی ئەمریکی لە زاری سە بەرپرسی دەسیەی کورد لەناو حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، "بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئینقەرە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، هەنگاوی کردەویی بە وتوێژ دەستی پێکردوە".
لە هەواڵی ئەلمۆنیتەر کە پشبەستە بە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا، ڕەگە بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دراوە وتوێژ لەگەڵ بەڕێوبەرانی پێکەکە لە قەندیل بکات و هەر بەپێی هەواڵەکەی، "ئۆجەلان بە بەرپرسە باڵاکانی پێکەکە ڕاگەیاندون، کاتی ئەو هاتوە دەربارەی دانانی چەک قسەبکەین".

شایەنی ئاماژەپێدانە، چەند ڕۆژێکە دەخێکی نوێی سیاسی لە تورکیا هاتووتە ئاراوە، ئەوەش دوای ئەوە هات یەکی ئەم مانگە و لە ڕەورەسمی دەستپێکردنی ساڵی نوێی یاسادانان لە پەرلەمانی تورکیا، دەوڵەت باخچەلی، سەرکی پارتی مەهەپەی ڕەگەزپەرستی تورکیا چووە لای تونجەر باکرهان، هاوسەرکی دەم پارتی کوردی (هەدەپە) و پەرلەمانتارانی ئەو پارتە و تەوقەی لەگەڵ کردن و هەواڵی پرسین.
ئەو تەوقەیە باخچەلی لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەم پارتی، مشتومێکی گەورەی لە میدیا ناوخەیەکانی تورکیا درووستکرد، هەر بەوپەیە باخچەلی ڕایگەیاند: "لە سیاسەتدا هیچ شتێک نییە کە نەتوانین لەگەڵ

کەس و لایەنێک گفتوگۆی لەسەر نەکەین و چارەسەری نەکەین، پەیوەندی سیاسییمان، شەوازی ڕەق یان نەرممان پەیوەست نییە بە کەسایەتی یەک بە یەکی تاکەکان، بەڵکو سنووردارە بە بیرکە و تواناکانی بیرکردنەوەیانەوە".

سەرکی پارتی مەهەپەی تورکی ڕەگەزپەرست ئاماژەی بەوەکرد کە وەک ئاشتی سەردانی ڕیزی دەم پارتی باکووری کوردستان کرد و دەستی بە تەوقەکردن لەگەڵیاندا درێژ کرد. گوتیشی: "ئەو دەستەی بە تەوقەکردن درێژم کرد، پەیامی یەکیزیی نەتەوەیی و برایەتیمانە، چرای ڕووناکییە کە وەک مەشخەڵی یەکەم پەرلەمان و گوتارە بەهێزەکەی بەڕێز سەرکەمارمان دەدرەوشێتەوە، هیوا و داواکاریە کە دەڵێت وەرن ببنە پارتی تورکیا، ڕووبەڕووی تیرەر ببنەوە، وەرن برایەتی هەزار ساڵە بچەسپێنن، ئەمە لە خەوە بە بەهایانە، بەبەزاری و لە پەو بە بیرکردنەوە دەست بە تەوقە کردن درێژ ناکەین. ئەمە بەبە هەکار سەاو و تەوقە ناکەین".

تاوەکو ئەستاش بەرپرسانی تورکیا و پەکەکە هیچ لەدوانەکی ئاشکرایان لەبارەی هەواەی دەستپەکردنی گفتوگەکانی نەوان ئەجەلان و حکومەتی تورکیا و بەرپرسانی قەندیل نەداوە.